کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-6-2007 15:49

## ستراتیژمان ... ستار چاوشین

کار کردنێکی ڕۆژنامەنووسیانەیە لەچوارچێوەی یاسایی، ڕەوشتی بەرزی مرۆڤایەتی، لەژێر کاریگەری مەعریفە و زانستی ڕۆشنبیری لەناو ئەم کایە ڕۆژنامەنووسیەدا



کە لە کوردستان لەسەر دەستی خودئاراییی و تاکی کوردی و ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی جیهانی بەرهەم هاتووە، ئیش کردنێکی نەریتی نا و کلتورەکان نا، ببورە دایە لەو نەریتانەی تۆ دەیڵێ، نەریتێك ڕێککەوتنێکی دەستەجەمعی هەیە و لە پیروزی نزیکی ناخ دەبێتەوە، دەمانەوەی وەك ئێوە بین لە گشتیدا و وەك خۆمان بین لە خۆماندا، وەك خۆمان بین، نەك وەك ئەوەی ئێوە دەتانەوێ.

ئەگەر لە حاڵەتێکدا ئێوەمان تێپەران ئازایەتیمان نییە ببورن لە بازوودا خوێن گەرمیمانە بۆ کایەکە، لە خواری ئێوەش هەرچیمان وتبێ پێناسەمان لە کەم ئەزمونی خۆمان کردووە، نەنگییەکی تیا نابینین، دەتوانن ئەو ئازایەتییە بۆ خۆتان تۆمار بکەن پێمان بڵێن، ئێمە مرۆڤین، فریشتە نین، دەزانین لەکوێوە کار دەکەین، پشتگیری لە چ جوانیەك دەکەین لە ڕەنگ، سازترێك دەکەین لە دەنگ و قوڵترین هەناسە دەکەین لە دەربڕیندا.

کەس خودای نووسینەکانمان نییە، خودای خۆمان هەیە لەوێوە لەناو دڵماندایە وەك ڕۆحی مەولەوی هەوڵدەدەین پەیوەندی بگرین لەگەڵیا ئەگەر بتوانین بەردەوام، هەر ئەو خودایەشە درۆمان پێ ناکات، ڕێگای ڕاستیمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە، هەموو ساتێك لەگەڵماندایە ویژدانمان دەداتە بەر لێپرسینەوەی وشەکانمان، دێرمان، وتنمان، ئاگای لێمانە، ئێمەش لە ڕێزی ئەودا ئاگامان لە ویژدانمانە.

ویژدانمان بەرز ڕادەگرین، بەرەڵای ناکەین، ویژدانمان شەرمان پێ ناکات، لە ژوانی مرۆڤەکانمان دادەنێت، پەیوەندیمان بە ئێوەوە لە ویژدانمان دایە.

ئێوەش دەزانن هەموو کەسێکمان خۆشناوی، بەڵام ڕقمان لە کەس نییە، هەرکەسیش ڕقی لێمان بێتەوە بەدوای هۆکارەکانیدا دەچین، ئەگەر پەیوەندی بە نەخۆش بوونی ئەوەوە نەبوو.

ئێمەش دەشێت ببین وەك هەین، بچین وەك هاتوین، لەکوێ وەستاین سەیری پێیەکانمان دەکەین، ئەگەر سروشتی کارە ئارەقەی بۆ دەکەین تا سەرکەوین، ئەگەر ڕێگرتنە تەوقەی لەگەڵ دەکەین پێ بە پێ لەگەڵیا دەڕۆین تا بەئاگا دێتەوە، ماچی دەکەین، وشە دەدەین لە بەرۆکی.

لە هەواڵ دەگەڕێین بەدوای سێبەری کەسدا، ئاخر کەس لای ئێمە دەژی و نامانەوێ بەیانیانی ڕەش کەین و ئێوارانیشی زەردەی مەغریبان.

لە دیمانەدا لەناو نهێنیەکانیاندا حەزمان لە شاردنەوەی شتەکان نییە، دەمانەوێ ئەم دونیا کراوە دانەخرێتەوە بە ئارەزوی تاك، چەند وتنی خۆمان بە ڕاست دەزانین لە پرسیاردا ئەوەندەش زیاتر ڕێز لە وەڵامیان دەگرین و دەیکەین بە مانشێت لە سەرووی دێرەکانی خۆمانەوە دایدەنێین.

کار لە عمومیات دەکەین، خۆمان لە خێوێیات لادەدەین، ئەوەندەی پەیوەندی بە گشتییەوە هەبێت لێی وەردەگرین، دواتر لە ئازادی ئەو دونیا نهێنییە تاك ویستییەی ئەو خۆ دەپارێزین.

لەگەڵ هەموو هەڵگرتنی ریکۆردەرێك دەزانین شەپۆلی یاساکان دژمان دەبنەوە، لە ناچاریدا ملکەچیان بۆ دەکەین، دەزانین یاسا چاوەڕێ دەکات مرۆڤەکان بیگۆڕن، ئێمە نازانین بیگۆڕین لەو مرۆڤانە نین بیگۆڕین، دەشزانین کۆنن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جوێنمان پێ دەدەن، لەگەڵ هەر جوێنێکدا قاقا لێ دەدەین، ئێمە بە قاقا هاتوون، بە قاقا دەژین، دەژین ژیانێك لە کەناری گومڕایی نزیك نەبێتەوە، چونکە گومڕایی بە مردن دادەنێین و مردنیش بە چارەسەری ژیان، هەرچی توانشمان هەبێت بۆ جوانکردنی ژیان، هەرچیشمان نەکردبێت نەمانتوانیوە، ژیانێك نیگای لە فڕین نەبڕێت، حەز بە بەرزی نەکات، بگەڕێتەوە بۆ دوێنێ لەوێ وە سەیری سبەی بکات.

ئێمە بە قاقاش دەمرین، مردنێك جێ بۆ نەوەیەکی دی جێبێڵێ، لە جەستە لە ئێمە چالاکتر و لە ئاگاشدا لە ئێمە وردتر و بینەرتر، ئەوەی ئێمە دەیکەین، هەروەکو ئێوەیە کە کردووتانە رەنگە جیاوازیمان لە دەنگ بەرز کردنەوەکەدا هەبێت، خودا نەکردە قسە لە دەنگی زبر ناکەم، لە شعرا دەنگی زبر نییە و دونیاش هەمووی شعرە مردنێك وەك مردنی راوەستانی بەر دەرگاکان نا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.